# هەواڵەکانی بزووتنەوەی جەماوەری و کرێکاری و یەکسانی خوازی جیهانی

ئامادەکردنی : عەلی مەحمود

2005-05-23

## سودان:

ئۆپۆزسیۆنی سودانی هەڵبژاردنی زانکۆی خەرتومییان بردەوە , ئۆپۆزسیۆن کە لە 11 لایەنی سیاسی و بێلایەنەکان پێك هاتن , توانییان 4300 دەنگ بە دەست بهێنن , کە لەم لایەنانە پێك هاتوونە :-(میرغنی(ئیتحاد) وناسری , بەعسی , حەق(چەپ) , بەرەی گەلی ڕزگاری سودان(گەرەنگ) , بەرەی ڕزگاری دارۆفەر, حیزبی شیوعی , بێلایەنەکان. تەوژمی ئیسلامی 2100 دەنگییان هێنایەوە (پارتی دەسەلآتدار و ئەنساری سونەو باڵی سەلەفی ئیخوان) , سێیەم هێزیش ئیسلامی ڕیفۆرم خواز و چوارەم لایەنیش باڵی تورابی بوو . 11 ڕێکخراوی بەشدار لەو هاوپەیمانییەتییە هەریەکەیان 3 کورسی بەڕێوەبەرایەتییان بەرکەوت و 7 کورسیش بۆ بێلایەنەکان .

## نیپاڵ

7 پارتی ئۆپۆزسیۆنی نیپاڵی بڕیاریان دا لە 15,22,23 ی مانگ ناڕەزایی سەرانسەری دەربڕن , دژ بە کودەتای مەلەکی .

- لە بەرواری 19-5 بە بانگەوازی یەکێتی کرێکارانی ماوی مانگرتنی سەرانسەری کاتماندۆی گرتەوە , هاتوچۆ ڕاوەستا کە 3 ڕۆژ دەخایەنێت.

- ماوییەکانی هیندستان گرنگی بە سەربەخۆیی هەرێمی کۆرخلاند دەدەن , ئەیانەوێت جیابێتەوە لە بەنگالی هیندی , ماوییەکان بنکەی جەماوەرییان لە نیپال- بۆتان-بەنگەلادیش -سکیم- بیهار-ئیسام زیادی کردووە ( لەراگەیاندنەکانی حکومەتی هیندییەوە) .

-لە بەرواری 22-5 بە بانگەوازی 7 پارتی سیاسی (کۆنگرەی نیپاڵی-پارتی کۆمۆنیست-مارکسی لینینی - کۆنگرە(دیموکراسی) - پارتی کرێکاران و جوتیاران -بەرەی چەپی یەکگرتوو - بەرەی جەماوەر ) خۆپیشاندانی سەرانسەرییان لە نیپاڵ سازدا , ئەم داواکارییانەیان هەبوو :

-حکومەتی یەکێتی نیشتمانی پێك بهێنرێ بۆ ئەنجامدانی ئاشتی لەگەڵ ماوییەکان.

-هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمان ئەنجامبدرێت و دەنگ لەسەر دەستورێکی نوێ بدرێت .

هیندستان و یەکێتی ئەوروپا پشتگیری داواکاری ئەو 7 پارتەیان کرد .

لە بەرواری 27-5 خۆپیشاندانی مەزنی جەماوەری بە بەشداری هەردوو سکرتێری پارتی کۆمۆنیست و کۆنگرەی نیپاڵی ئەنجامە درێت و لە کەتماندۆ سوخنرانی دەکەن بۆ جەماوەر .




کەتماندۆ سەرۆکی پارتی کۆمۆنیست لەکاتی ئازادکردنی وسەرۆك وەزیرانی ڕابردووش

## پۆلیڤیا

**12000** هیندی لە دانیشتوانی ڕەسەنی پۆلیڤیا , جوتیاران, سانديكا كرێكارییەكان خۆپیشاندانێكی جەماوەرییان لە شاری لابازی پایتەخت ڕێخست , بۆ پشتگیری كردن لە داواكاری بە خۆماڵی كردنی نەوت و گاز , هەروەها داوای لابردنی سەرۆك كۆمار مساو و پێشخستنی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی و داخستنی پەرلەمانییان كرد , زۆربەی ئەو خەڵكە لە ناوچە هەژارنشینەكانەوە هاتبوون . تێك هەڵچوون لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیسدا ڕوی دا بە بۆمبی مۆلۆتۆف و گازی فرمێسك ڕژێن . خۆپیشاندەران دەڵێن وولاتەكەیان قوربانی كۆمپانییا بێگانەكانە , نەوت و گازەكەیان دەدزن , بۆ ئەوان خێری تێدا نییە .

## هیندستان

دادگای باڵای هیندی داوای لێكۆڵینەوەی كرد لە بە شودانی كچانی منداڵ , هەفتەی ڕابردوو پیاوێك دەستی بەرپرسێكی ئافرەتی شكاند لە ولایەتی مادییا برادیش كە دەیەویست لێكۆڵینەوە بكات لەسەر منداڵ بە شودان بۆ قەدەغەكردنی . لە پێش هەزار ساڵەوە ئەم نەریتە لە هیندستان هەیە , هیندۆسەكان كچەكانییان بە منداڵی بە شوو دەدا تا موسڵمانەكان نەیان ڕفێنن و بیانكەن بە كەنیزەك , ساڵی **2001** زیاتر لە **6,4** ملیۆن منداڵی كەمتر لە **18** ساڵ لەهیندسان بە شوو دراوە .

## پاكستان

**100** هەڵسوڕاوی داكۆكی كەر لە مافی ژنان لە شاری لاهور لە ئەنجامی سازكردنی مەراسیمێك گرتران, كە خۆپیشاندانییان بۆ مافەكانی ئافرەت ڕێك خستبوو .

## ژاپۆن

له یادی 33 گەڕانەوەی شاری ئۆکیناوا بۆ ژاپۆن , زیاتر له 24000 کەس پشتێنەی مرۆییان بەدەوری بنکەیەکی ئەمەریکی دروست کرد ,کە درێژییەکەی 11 کم بو . له ساڵی 1972 پارێزگای ئۆکیناوا گەڕایەوە بۆ ژاپۆن کە پێشتر ئەمەریکا تا ئەوکات داگیری کردبوو .

## کۆرییای باشور

هەزاران قوتابی له کۆرییای باشور دژ بە دامەزراندنی بنکەی ڕۆکێتی پاتریۆت له وولاتەکەیان خۆپیشاندانییان ئەنجام دا , کە بڕی 11 ملیار دۆلاری تێدەچێت , 3000 خۆپیشاندەر لەگەڵ پۆلیس بو ەشەڕی دەستەو یەخەیان ویستییان بچنە ناو بنکە سەربازییەکەوە .

## ئیتاڵییا:

مانگرتن له کار جوڵەی شەمەندەفەر و فرۆکەوانی ئیتاڵی ڕۆژی هەینی ڕاگرت , کۆمپانییای نیشتمانی ئیتاڵی 211 سەفەری هەڵوەشاندەوە , هەروەها 95٪ کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر مانییان گرت بۆ ماوەی 24 کاتژمێر ,داوای زیاد کردنی کرێ و باشترکردنی هەلومەرجی کار دەکەن .

## بێکاری لاوان له ئاسیا

نەتەوە یەکگرتوەکان ڕایان گەیاند 38 ملیۆن لاو له ئاسیا بێکارن له تەمەنەکانی نێوان 15-24 ساڵ .

## ئەسیوبیا

بۆ جاری سێیەم هەڵبژاردن له ئەسیوبیا ئەنجام درایەوە , کە 85٪ دانیشتوانەکەی لادێ نشینن, ڕۆژی یەك شەمە 15-5 , 27 ملیۆن ئەسیوبی چونە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ دیاریکردنی 547 کورسی پەرلەمان .

هاوپەیمانی دیموکراتی ئۆپۆزسیۆن ڕایان گەیاند پڕۆژەی ئەوان ئازادکردنی ئابورییە , بەرنامەی پارتی دەسەڵاتدار زۆر مارکسییە . زیناوی سەرۆك وەزیران کۆنە مارکسییەکی ماویەو سەرۆکی بەرەی گەلی ڕزگاری تیگرایە .

بەگوێرەی دەنگوباسە سەرەتاییەکان ئۆپۆزسیۆن 200 کورسی پەرلەمانییان بەدەستهێناوە , پارتی دەسەڵاتداریش زیاتر لە300 .

نارەزایەتی بەرامبەر بە پرۆسەی دەنگدان بەرز بوەوەو بڕیار وایە له 84 ناوچە دەنگدان دوبارە بکرێتەوە .

ئۆپۆزسیۆن زۆرینەی کورسی یەکانی پایتەختییان بردەوە , کە 4 ملیۆن مرۆڤ نیشتەجێن تیایدا .

سەرۆك وەزیران پاش هەڵبژاردن خۆپیشاندانی بۆ ماوەی 1 مانگ یاساغ کرد .













## سریلانکا

سەرۆکی سریلانکا خاتوو تشاندریکا کۆمارانتۆغام کە پشتگیری لە پرۆسەی ئاشتی دەکات لەگەڵ پڵنگەکانی تامیل , داوای لە ئۆپۆزسیۆن کرد پشتگیری لە هەوڵەکانی بکەن بۆ کۆتایی بەجەنگی ناوخۆیی کە تا ئێستا **40000** کوژراوو **500000** ئاوارەی لێکەوتۆتەوە .

ناوبراو لە ساڵی **1968** یەکێك بوو لە ڕابەرانی قوتابیان لە پاریس و خاوەند بیری ترۆتسکی بوو .



## کوەیت

پەرلەمانی کوەیت دوو شەممەی ڕابردوو بڕیاری دا ژنان مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدانییان هەبێت , ئەمەش پاش ململانێیەکی چەندین ساڵە بە دەست پێشخەری ئەمیریووڵات خرایە بەر باسەوە ,بەڵام چەندین ساڵە ئیسلامییەکان دژ بە بەژداری ژنانن و دەڵێن مافی ژن تەنها لە ماڵەوەیە .37 لەگەڵ و 23 دژ و 2 کەسیش بێدەنگ بوون .



## بەنگەلادیش

نقوم بوونی کەشتیی یەکێکە لەو مەرگەساتانەی ڕۆژانە تراژیدییاکەی لە بەنگەلادیشەوە دوبارە دەبێتەوە , ڕۆژانە لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە مەرگی ئەو خەڵکە بە چاوی خۆمان دەبینین . 15–5 دانەیەکی دیکە نقومی ژێر ئاو بوو نزیك بە 100 کەس بوونە کۆچی قوربانی . ئەوەی شایانی باسە ئەم کەشتییانە هەموو کۆنەی ووڵاتانن و بەپارەیەکی هەرزان دەیانکڕن و باری قورسی لێ دەنێن , بۆیە مانگانە گوێ بیستی چەند دانەیەکی و مەرگی هەزاران بەنگالی دەبین .



## میسر

پارتەکانی تەجەموعی چەپ و وەفدی ڕاست و ناسری نەتەوەیی بەیاننامەیەکی هاوبەشییان دەرکر د و بایکۆتی بەشداری هەڵبژاردنییان کرد . داوایان کرد ڕۆژی ڕاپرسی کەس لەماڵ دەرنەچێتە دەرەوە لە ماڵەکەی . کە بڕیار وایە لە بەرواری **25–5** بۆ دەنگدان لەسەر بڕگەی **76**ی دەستور ئەنجامە درێت .

## سودان

لە بەرواری **19–5** ناڕەزایەتی شاری خەرتومی گرتەوە و **17** کەس گیانییان لە دەست دا , لەوانە **14** بیان پۆلیسن و **3** هاوولاتی لە قوربانییەکانن هەموو لە باشورییەکان پێك هاتوون . هۆی ناڕەزایەتییەکە لەئەنجامی دابەشکردنی زەوییەوە بوو بەسەر هاوولاتییاندا .

## مەنگۆلییا

شەممە **21–5** هڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە مەنگۆلییا ئەنجامدرا , **1,3** ملیۆن هاوولاتی مافی دەنگدانی هەبوو , **4** کەس خۆیان پالاوت بۆ پۆستەکە ڕۆژی دووشەممە ئەنجامە بەراییەکانی دەنگدان دەرکەوت کە تیایدا نامبارین ئینخابایار سەرۆك وەزیرانی پێشوو و سەرۆك پەرلەمانی ئێستا سەرکەوت و **53,4**٪ دەنگەکانی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردن بەدەست هێنا . لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بەرێژەی **70** ٪ بوو . ناوبراو لە ساڵی **1997**وە سەرۆکی پارتی شۆڕشگێڕی دیموکراتی گەلی مەنگۆلیایە(کۆمۆنیست) , لە ساڵی **1992–1996** وەزیری ڕۆشنبیری بوو , لە ساڵی **2000** بووەسەرۆك وەزیران و لە **2004** بووە سەرۆکی پەرلەمان و دەرچووی پەیمانگای ئادابە لە مۆسکۆ , سەرۆکی پارتی دیموکراسی مینسنجانی ئیسنجان کە ئەویش لە ڕابردوو سەرۆك وەزیران بوو دانی بە شکستەکەی خۆی هێنا و پیرۆزبایی لێ کرد , ئەوەی شایانی باسە سەرۆك لە مەنگۆلییا هێماییەو دەسەلاتی نییە .



## میسر

پۆلیسی میسری چەندین ئەندامی پارتی تەجەموعی چەپی گرت لە کاتی هەڵواسینی لافیتە لە قاهیرەدا , لە بەیاننامەیەکدا تەجەموع ئەم کارەی شەرمەزار کردو ڕای گەیاند پارتی دەسەلاتدار جگە لەوەی هەموو تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی کۆنترۆڵ کردووە دەیەوێت شەقامیش پاوان بکات .

## لوقمانی 11 مانگە خێزانەکەی ناتوانن بەخێویکەن

لوقمان توشی نەخۆشی هەرمۆنی بووەو لە تەمەنی **11** مانگەدا گەیشتووە بە **22** کگم , ڕۆژانە **5** لیتر شیر و **1** کگم برنج دەخوات , داهاتی خێزانەکەی بۆ ئەوە . ناوبراو لە شاری کەلکەتای سەر بە ولایەتی بەنگالی ڕۆژئاوای هیندستان دەژێت .

## ڕێژەی کارکردنی ژنان

ئەو ژنانەی منالّییان نییە لە چیك **86**٪ و مالّتا **38**٪ و بەریتانییا **83**٪ و فەرەنسا **78**٪ و ئیسپانییا **62**٪ و ئیتالّییا **60**٪ و یۆنان **57**٪ کارە کەن . بەلاّم ژنانی منالّدار لە چیك **54**٪ و لە مالّتا **27**٪ و ئیتالّییا **50**٪ و ئیسپانییا **51**٪ و یۆنان **53**٪ کارەکەن , لە هەموو ئەورووپاش ڕێژەکە **60**٪ .

## مەکسیك

سەرۆکی شارەوانی مەکسیکۆ , کەسایەتی چەپی بەرجەستەی مەکسیك بڕیاری دا لە بەرواری **31-7** ی ئەمسالّ دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە , تا خۆی بۆ هەلّبژاردنی سەرۆکایەتی مەکسیك وەك بەهێزترین و جەماوەریترین ڕکابەری سەرۆك کۆمار ئامادە بکات .هاوکات لەناو پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی چەپ کەسێکی کەش خۆی کاندید کرد بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری بەناوی خۆسییە کاردیس .

## ڕوسیا

لە مۆسکۆ بەرامبەر بە مەراسیمی دەولّەتی لە یادی **60** سالّەی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا , دەیان هەزار کەس کۆبونەوەو نارەزایەتییان لە بەشداری بۆش لە یادەکە دەربڕی , بۆشییان بە گەورەترین دوژمنی ڕوسیا ناو برد , زۆربەی جەنگاوەرانی بەشدر لە جەنگی جیهانی دووەم بە خۆیان و خەلاّتەکانییانەوە بەشداری ئەم مەڕاسیمەیان کرد .



## ئیکوادۆر

له بەرواری 5-10 فەرمانی دەست بەسەرکردنی سەرۆکی ڕابردووی ئیکوادۆر غۆستافۆ دەرچوو بە تاوانی یاریکردن بە سامانی وولات , پێشتریش بڕیاری گرتنی سەرۆکان عەبدوالله بوکەرەم و ئەلبرتۆ بامیك دەرچوو .

## یۆنان

مانگرتنی سەرانسەری یۆنانی گرتەوە,گواستنەوەی ئاسمانی و ئاوی ڕاوەستا , هەردوو سەندیکای کرێکاری , یەکێتی سەندیکای کرێکاران 600000 ئەندامی هەیەو یەکێتی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی کە 200000 ئەندامی هەیە بەشدارییان کرد لە مانگرتنەکە . کارەبا بڕا , قوتابخانەکان ڕاوەستان . لە شاری ئەسیناش دەیان هەزار بە بانگەوازی پارتی کۆمۆنیست خۆپیشانییان ساز کرد .
لە بەرواری 5-21 زیاتر لە 2000 ئانارشیست ڕژانە سەر شەقامەکان و لەگەڵ پۆلیسدا دەرگیر بوون , 100 لە ئانارشیستەکان گیران .

## هۆڵەندە

لە ڕاپرسییەکدا کەناڵی ئاڕ تی ئێل ی هۆڵەندی ئەنجامی دا 54٪ خەڵك دژ بە دەستوری ئەوروپی دەنگییان دا , 27٪ یش لە گەڵدان .هاری ڤان بۆمڵ سیاسەتمەداری ناسراوی پارتی سۆسیالست ووتی : ڕەتکەرەوانی دەستوری یەکێتی ئەوروپا لە هۆڵەندەو فەرەنسە زۆربەن . هەروەها درێژەی پێداو ووتی یەکێتی ئەوروپا سەروەری وولاتانی بچوکی وەك هۆڵەندە پێشێلە کات .
سەندیکا کرێکارییەکانی فەرەنسا پێیان وایە دەستوری یەکێتی ئەوروپا پەیرەو لە سیاسەتی ئابوری ئەنگلۆ-ساکسۆنی لیبراڵی دەکات , دەیانەوێت ماف بیمەی بێکاری و دەسکەوتەکانی حکومەتی خۆشگوزەرانی هەڵوەشێننەوە .

## نایجەر

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای گەیاند 3,6 ملیۆن کەس لە نایجەر برسییانە , ژیانییان لە مەترسیدایە . بەهۆی ووشکە ساڵ و هێرشی کولەوە , لە ناو ئەوانە 800000 مناڵی کەمتر لە 5 ساڵی تێدایە .



## بەرازیل

12 هەزار جوتییاری سەر بە بزووتنەوەی جوتیارانی بیّ زەوی بە پیّ گەیشتنە پایتەخت , پاش 15 ڕۆژ ڕیّکردن, کاتیّك ویستییان بچنە بەردەم پەرلەمان لە لایەن پۆلیسەوە هیّرش کرایە سەرییان . ئەوان دەیانەویّت لۆلا وەفادار بیّت بەرامبەر بەو بەلّیّنانەی لەبانگەشەی هەلّبژاردندا پیّیانی دا , بەوەی 430000 پارچە زەوی دابین بکات بۆ جوتیارانی هەژار تا سالّی 2006 ,کەچی تا ئیّستا تەنها 30000 پارچە زەوی دابین کردووە , لەسەر ڕیّی گەڕانەوەیان بالّویّزخانەی ئەمەریکایان بەرد باران کرد و دژ بە بازرگانی ئازاد دروشمییان دا .

## ژاپۆن

لە بەرواری 8–5 زیاتر لە 6000 ژاپۆنی لە تۆکیۆ دژ بە پەرتوکی خویّندنی وولاّتەکەیان خۆپیشاندانییان سازکرد , کە هەولّدرابوو لەو پەرتوکانە میّژووی ژاپۆن جوان بکریّت . ئەندام پەرلەمانیّك کە بەشداری خۆپیشاندانەکەی کردبوو ووتی:– ئەم بەرنامەی خویّندنەی ژاپۆن قوتابی دەکات بە جەنگاوەر .

## ئەلّمانییا

لە یادی 60 سالّەی تیّك شکانی فاشیزمدا 3000 نازی ڕژانە سەر شەقامەکانی بەرلین دروشمی ئازاد( کردنی درۆ خەجالّەت بن)ییان بەرز کردەوە , لە بەرامبەردا زیاتر لە 6000 چەپ و نەیارانی نازییەت خۆپیشاندانییان سازکرد .

## لاتفییا

لە کاتی ووتار دانەکەی بۆش لە لاتفییا بەناوی ئازادی و دیموکراسی , بزووتنەوەی لە پیّناو ئاشتی ویّنەی ڕوداوەکانی ئەبو غریّبییان بەرز کردبوەوە , 10 هەلّسوڕاوی ناڕەزایەتییەکەیان گرت . ڕوسەکانی لاتفییا بایکۆتی وتارەکەی بۆشییان کرد کە 30٪ دانیشتوانی لافییا پیّك دەهیّنن و لە هەموو مافیّکی هاوولاّتی بوون بیّبەرین .

## ڕوسیا

لە یادی 60 سالّەی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا پەردە لەسەر تیمسالیّکی ستالین لە شاری میدنی لە کۆماری یاقوتا لە سیبریا لابردرا , سەرۆکی وولاّتەکە فیاتسلسلاّف ستریۆف ئامادەی مەراسیمەکە بوو . شاری فولجوجاردیش پیّشتر هەمان مەراسیمی ئەنجام دا . تا ئیّستاش زۆربەی خەلّکی ڕوسیا ستالین بە قارەمان دەزانن هەرچەندە بۆخۆی جۆرجی بوو نەك ڕوس .

## فەرەنسە

دانیشتوانی وولاّتە کۆلّیناریکراوەکانی فەرەنسە بەناوی زەلیلکراوانی فەرەنسەوە خۆپیشاندانیّکییان لەپاریس بەبۆنەی60 سالّەی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا ڕیّك خست , ووتییان ئیّمە نەوەی کۆیلەو قوربانییانی ئەمپریالزمیین مافی پەنابەریمان دەویّت .

## ئۆزبەکستان

بەهۆی بێکاری (30٪) و گەندەڵییەوە ناڕەزایەتی زۆر لە ڕژێمی کەریمۆف هەیە , بوونی پارتی تەحریر باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو کە بە سانایی سەرکوتی خۆی پیادە بکات و شۆڕشی ڕەنگاو ڕەنگ خەڵتانی خوێن بکات . لە کاتی خۆپیشاندانە چەکدارییەکان سەدان زیندانی کە زۆربەیان سەر بە پارتی تەحریرن کە خواستاری زیندوکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامئازاد کران . ڕاپەڕینی ئیسلامییەکان خەڵتانی خوێن کرا , تەنها لە شاری ئەندیمان 500 کوژراو هەبوو , کوراسۆفیش بە ئاشتییانە تەسلیمبوون . 6000 کەس ئاوارەی قیرغیزستان بوو , پاش 4 ڕۆژ ئەمەریکا قسەی کرد , ڕوسیاش ڕاشکاوانە پشتگیری خۆی لە کەریمۆف دەربڕی .

هێزەکانی دەوڵەت شاری کواراسۆفییان بە بێ تەقە گرتەوە , ڕەختیۆر ڕەخیمۆف و چەند هاوکارێکی کە داوای دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامییان دەکرد بە سانایی قۆڵبەست کران , قیرغیزستانیش کەوتۆتە تەسلیم کردنەوەی پەنابەران بە ئۆزبەکستان , ئەم ڕوداوە خوێناوییە هەنگاوێك بوو بۆ کۆتایی هێنان بە شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگەکان .







## مافی ژنان لە 58 دەوڵەتدا

لە ئامارێکدا بۆ ڕادەی مافەکانی ژنان لە بواری بەشداری لە سیاسەت و ئابوری و مافە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکاندا , 13 وولاتی یەکەم لە 15 وولات لە کۆی 58 وولاتی بەشدار بوو لە یەکێتی ئەوروپا بوو , وولاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەهۆی نەبوون و شاراوەیی زانیارییەکان بەشداری نەبوون , تەنها چەند دانەیەکییان نەبێت .

ڕیزەکان بەمشێوەیە هاتن لە یەکەمەوە بۆ کۆتایی :-

سوید- نەرویج- ئیسلەند- دانیمارك- فینلەند- نیوزلەند- کەنەدا- بەریتانییا- ئەڵمانییا- ئوترالییا- لاتفییا- لیتوانییا- فەرەنسا- هۆڵەندە- ئەستوانییا- ئێرلەندە- ئەمەریکا- کۆستاریکا- پۆڵەندە- بەلجیکا- سلۆڤاکییا- سلۆڤینییکا- پورتوگال- هەنگارییا- چیك- لۆکسمبۆرگ- ئیسپانییا- نەمسا- بلگارییا- کۆلۆمبییا- ڕوسییا- ئۆرۆگوای- چین- سویسرا- ئەرجەنتین- خواروی ئەفریقییا- ئیسرائیل- ژاپۆن- بەنگەلادیش- مالیزییا- ڕۆمانییا- زیمبابۆی- ماڵتا- تایلاند- ئیتاڵییا- ئەندەنوسییا- پیرۆ- شیلی- فەنزویلا- یۆنان- بەرازیل- مەکسیکۆ- هیند- کۆرییا- ئوردون- پاکستان- تورکییا- میسر .

سوید 5,35 خاڵ لە کۆی 10 و میسر 2,38 خاڵی بەدەست هێناوە . ئەمە لەکاتێکدا هەموو وولاٌتە کراوەکان بۆ ژنان لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی بەشدار بوونە , کارەساتەکە لەوەدا دەبوو وولاٌتانی کۆنەپارێز بەشدار بونایە .

## فەلەستین

لە ڕاپرسییەکدا دەرکەوت ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت هەریەکە لەم هێزانە بەم شێوەیە دەنگ دەهێننەوە:–

فەتح 38,7٪– حەماس 32,9٪– چەپ 7,9٪ – بێلایەن 8,3٪ و 12,2٪ جاریٚ خۆیان یەکلا نەکردۆتەوە .

## مردن بە شیرپەنجە

لە ساڵی 2000 دا 56 ملیۆن مرۆڤ مردووە لە جیهاندا , لەوانە 12٪ یيان بە نەخۆشی شێر پەنجە مردوونە , لە هەندێك وولاٌت مردن بە شێر پەنجە گەیشتۆتە 25٪ . لەم وولاٌتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا –ئیتاڵیا–ئوسترالییا– هۆڵەندە –کەنەدا–فەرەنسا مردن بە شێر پەنجە لە بەرزترین پلەدا بووە , لە نزمترین پلەش لە باکوری ئەفریقیا و ڕۆژهەلاٌتی ئاسیا .

## ڕێژەی ژنان لە پەرلەمانەکانی جیهاندا

تا ساڵی 2002 ژنان لە پەرلەمانەکاندا 14٪ ی پێك دەهێنا . ژنان سەرۆکی 14 وولاٌتە لە کۆی 180 وولاٌت دا لەگەڵ 6 جێگیر , هەروەها 7٪ی وەزیرەکانی جیهان ژنانن . لە ناو ولاٌتاندا ڕواندا بە پلەی یەکەم دێت ژنان 48,8٪ ی کورسییەکانی پەرلەمان دیاری دەکات . لە سوید و دانیمارك و فلەند و نەرویج و ئیسلەند و هۆڵەند نزیك بە 30٪ یان بەدەست هێناوە .

ژنان لە وولاٌتە یەکگرتووەکان 14٪ و فەرەنسا 11,8٪ و ژاپۆن 10٪ و ئۆگەندە 24,7٪ ی پەرلەمان پێك دەهێنن .

لە ساڵی 1893 نیوزلەندە یەکەم وولاٌت بوو ماف دەنگانی ژنانی پەسەند کرد, ئوسترالیا لە 1902 , ئیسپانییا لە 1920 و مەنگۆلییا لە ساڵی 1924 و ئیکوادۆر لە 1921 و تورکیا لە1940 و سریلانکا لە 1931 و سویسرا لە 1971 وناميبيا لە 1989 ماف دەنگانی ژنانییان پەسەند کردووە .

لە ساڵی 1862 ەوە خانمە سویدییەکانی شار لە دەوڵەمەندەکان ماف دەنگدانییان هەبووە , لە ساڵی 1921 ەوە لە سوید بە تەواوی ماف دەنگدانی گشتی بۆ ژنان پەسەند کرا .

## باشوری ئەفریقا

یەکەم ژن (ملازمی دووەم لافا ستالینیم) لە باشوری ئەفریقا ئەرکی سەرکردایەتی هێزی دەریاوانی وولاٌتیی پیٚ سپێردرا .

## کۆلۆمبیا

هێزەکانی فارك لە بەرواری 21-5 تێسرەواندنێکی کاریگەری لە هێزەکانی ڕژێم وەشاند , 10 ئەفسەر و 17 پۆلیسییان لە هێزەکانی ڕژێم کوشت .

## ئازەربایجان

لە بەرواری 22-5 کۆمپانییای نەوتی ئازەربایجانی ڕێگەی لە سەدان کەس گرت کە دەیانەویست خۆپیشاندان لە سەنتەری شاری باکۆ ساز بکەن , لەو نێوەدا 45 لەهاووڵاتیی گیران و ڕێگە بە خەڵك نەدرا پەیوەست بن بە خۆنیشاندانەکەوە , ڕۆژی چوارشەممە بۆری نەوتی باکۆ-جۆرجیا-تورکییا دەکرێتەوە کە 4 ملیار دۆلاری تێچووە . باڵوێزی نەرویج لە باکۆو نوێنەری یەکێتی ئەوروپا ناڕەزایەتی توندییان دەربری بەرامبەر بە کرداری سەرکوت کەرانەی پۆلیس .



## پاریس

یەك شەممە 22-5 هەزاران کەس خۆپیشاندانییان سازدا دژ بە دەستوری ئەوروپی , هاوپەیمانییەتی چەپ ناڕەزایەتییەکەی ڕێك خستبوو , باوەڕییان وایە دەستوری نوی دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی سستەمی حکومەتی خۆشگوزەرانی .



## هیندستان

3 سینەما لە پایتەختی هیندستان ڕۆژی یەك شەممە تەقێنرانەوە , لە ئەنجامدا 1 کوژراوو 50 بریندار لێ کەوتەوە , ئەو دوو سینەمایە فلیمێکییان نیشان دا دژ بە بیرو باوەڕە ئاینییەکانی سیخەکانە , پێشتر سیخەکان سینەماکانییان هوشیار کردەوە لە پیشان نەدانی ئەو فلیمە , زۆربەی سینەماکان داواکەیانییان قەبوڵ کرد .

ئاینی سیخ لە سەدەی 15 پێك هاتووە , کۆکتێلیکە لە هەردوو ئاینی مەزنی ئەو سەردەمی هیند , هیندۆس و ئیسلام , سیخەکان دژ بە بت پەرستی و سستەمی چینایەتی ئاینی هیندۆسین و 20 ملیۆن پەیرەو کەری هەیە لە هیندستان , کۆمەڵێکی پارێزگاری دابراون لە دەوروبەر تەنانەت لە هاندەرانیش .




## ئەڵمانیا

شرۆدەر لە بەرواری 22–5 جاری هەڵبژاردنی نوێی دا , پاش ئەوەی لە هەردوو ولایەتی ڕینانیای باکور و ستفالیا شکستی هێنا , بەهۆی مت بوونی ئابوری بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکارییەوە لە زۆربەی ولایەتەکان پارتی سۆسیال دیموکرات تێسرەواندنی کاریگەری بەرکەوتووە , پارتەکەشی توشی قەیرانی ناوخۆیی بووە و بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو پلاتفۆرمی چەپ لەبەرامبەری پێشکەشکراوە . شرۆدەر داوای لە سەرۆك کرد هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان 1 ساڵ پێش بخات بۆ پاییزی ئەمساڵ لە جیاتی پاییزی 2006 , ئەو پێی وایە چاکسازییە ئابورییەکانی بە بیّ پشتگیری جەماوەر سەرناگرێت , پشتگیری جەماوەریش تەنها لە دەنگداندا مسۆگەرە کرێت .



لەم بەشەی هەواڵەکان بە دواوە هەرجارەی لە چەند وولاتێکدا قەبارەی هێزە چەپەکان دەخەینە بەردەستتان .

بۆ ئەمجارەیان (ئەسیوبیا – ئۆزبەکستان – مەنگۆلیا) مان دیاری کردووە .

| | | | |
|---|---|---|---|
| Yehizbtewekayoch Mekir Bet: 14 may and 31 august 2000 (90 %) | | % | 527 |
| Ethiopian People's Revolutionary Democratic Front | EPDRF | . | 481 |
| - Oromo People's Democratic Organization | OPDO | | 183 |
| - Amhara Nation Democratic Movement | ANDM | | 146 |
| - Southern Ethiopia People's Democratic Front | SEPDO | | 112 |
| + Bench People's Revolutionary Democratic Movement | BPRDM | | |
| + Burgi People's United Democratic Movement | BPUDM | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| + Denta, Debamo, Kitchenchla Democratic Organization | DBKDO | | |
| + Derashe People's Democratic Organization | DPDO | | |
| + Donga People's Democratic Organization | DPD0 | | |
| + Dawero People's Revolutionary Democratic Organization | DPRDO | | |
| + Gamo Democratic Unity | GDU | | |
| + Gideo People's Revolutionary Democratic Movement | GPRDM | | |
| + Gurage People's Revolutionary Movement | GPRM | | |
| + Hadiya People's Democratic Organization | HPDO | | |
| + Kebena Nationality Democratic Organization | KNDO | | |
| + Kore Nationality Unity Democratic Organization | KNUDO | | |
| + Kembata People's Democratic Organization | KPDO | | |
| + Konso People's Democratic Organization | KPDO | | |
| + Southern Omo People's Democratic Movement | SOPDM | | |
| + Shekecho People's Democratic Movement | SPDM | | |
| + Sidama People's Democratic Organization | SPDO | | |
| + Tembaro People's Democratic Organization | TPDO | | |
| + Wolayta People's Democratic Organization | WPDO | | |
| + Yem People's Democratic Front | YPDF | | |
| - Tigray Peoples Liberation Front | TPLF | | 40 |
| Afar National Democratic Party | ANDP | . | 8 |
| Benshangul Gumuz Peoples' Democratic United Party | BGBDUP | . | 6 |
| Council of Alternative Forces for Peace and Democracy in Ethiopia | CAFPDE | . | 4 |
| Gambela Peoples' Democratic Front | GPDF | . | 3 |
| Southern Ethiopia Peoples' Democratic Coalition | SEPDC | . | 2 |
| Hadiya National Democratic Organization | HDNO | . | 3 |
| Oromo Liberation United front | OLUF | . | 1 |
| Ethiopian Democratic Party | EDP | . | 2 |
| All Amhara People Organization | AAPO | . | 1 |
| Oromo National Congress | ONC | . | 1 |
| Sidama Hadicho Peoples' Democratic Organization | SHPDO | . | 1 |
| Siltie Peoples' Democratic United Party | SPDUO | . | 1 |
| Hareri National League | HNL | . | 1 |
| Non-partisans | | | 13 |

Source: Ethiopian parliament. The Europa World Year Book has different results.

| | | PARTY | PERIODICALS | CONTACT | IDEOL. | .INTERNAT | ELECTION Parl. '00 | OTHER |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| All Ethiopian Socialist Movement | | AESM / MEISON | | | ex-com. | ex-SU | no part. | f. 1968; in COEDF |
| Ethiopian Peoples' Revolutionary Democratic Front | | EPRDF | | | ex-stal. | ex-Alb. | 480 of 547 | f. 1989; alliance dominated by TPLF |
| Amhara National Democratic Movement | | ANDM | | | ex-stal. | ex-Alb. | 145 | f. 1980 as Ethiopian People's Democratic Movement as split from EPRP, led by Addisu Legesse |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **Oromo People's Democratic Organization** | | **OPDO** | | | **ex-stal.** | **ex-Alb.** | **182** | **f. 1990, led by Abadula Gemeda** |
| **Southern Ethiopian Peoples' Democratic Front** | | **SEPDF** | | | | | **113** | **led by Kasu Illala, alliance of around 20 organizations** |
| **Tigray People's Liberation Front** | | **TPLF** | | | **ex-stal.** | **ex-Alb.** | **40** | **f. 1975, led by Meles Zenawi** |
| **Ethiopian Peoples' Revolutionary Party** | **Ye Ityopia Hizbawi Abyotawi Parti** | **EPRP / Ihapa** | **Demokrasiya** | **e-mail** | **ex-mao., liberal** | | **no part.** | **f. in 1975; in COEDF** |
| **United Ethiopian Democratic Forces** | | **UEDF** | | | | | **not existing** | **f. 2003 by MEISON, EPRP and 13 other parties** |
| **Parties probably disbanded** Ethiopian Workers' Revolutionary Party, Workers' Party of Ethiopia (Ye Ityopia Seratepnotch Parti) | | | | | | | | |

| PARTY | | | PERIODICALS | CONTACT | IDEOL. | .INTERNAT | ELECTION Parl. '99 | OTHER |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **Communist Party of Uzbekistan** | **Uzbekistan Kommunistik Partiyasi / Kommunisticheskaya Partiya Uzbekistana** | | | | **com.** | **KPSS[OS]** | **no part.** | **illegal, led by Kahramon Mahmudov** |
| **Democratic People's Party** | **Halq Demokratik Partiyasi / Narodno-Demokraticheskaya Partiya** | | **Uzbekiston Ovozi, Golos Uzbekistana** | **tel.: +7-3712-394605** | **ex-com., liberal** | | **48 of 249** | **f. 1991 by Communist Party** |
| **Justice - Social Democratic Party of Uzbekistan** | **Adolat - Sotsial-Demokratik Partiyasi** | | **Adolat** | | **soc. dem.** | | **11 of 249** | **f. 1995** |
| **Tashkent Communist Union** | **Tashkentskii Kommunisticheskii Soyuz** | **TashKomSoyuz** | **Rabochie Stranitsy** | **e-mail** | **rad. left.** | | **no part.** | **f. 2001** |

| PARTY | | | PERIODICALS | CONTACT | IDEOL. | INTERNAT. | ELECTION Parl. '00 | OTHER |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **Mongolian Communist Party** | Mongolyn Kommunist Nam | | | | com. | | - | f. 1999 |
| **Mongolian Democratic New Socialist Party** | Mongolyn Ardchilsan Shine Sotsialist Nam | | | e-mail | soc. dem. | | 11.05% | f. 1998 |
| **Mongolian Democratic Socialist Party** | Mongolyn Ardchilsan Sotsialist Nam | | | | | | no part. | f. 1994 |
| **Mongolian Green Party** | Mongolyn Nogoon Nam | | | e-mail | green | | 3.62% for alliance with Civil Courage Party | f. 1990 |
| **Mongolian New Social Democratic Party** | Mongolyn Shine Sotsial Ardchilsan Nam | | | | | | 0.41% | f. 2000 |
| **Mongolian People's Revolutionary** | Mongol Ardyn Khuv'sgalt Nam | MPRP | Unen, Manay Inder, Bodlyn Solbiltsol | e-mail | ex-com., soc. dem. | ex-CI, ex-WMR, SI | 51.72% | f. 1921 |

| **Party** | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **Mongolian Traditional Party for Justice** | Mongolyn Ulamzhlalyn Negdsen Nam | MUNN | | e-mail | soc. dem. | | 2 cand. | f. 1993 |